# دەردەدڵێک لەگەڵ حکوومەتدا/ حەکیم کاکەوەیس



**دەردەدڵێک لەگەڵ حکوومەتدا...**

**حەکیم کاکەوەیس**

هەواڵەکان گەرموگوڕن--- دانیشتوانی دەیان گوندی کوردستان ئاوارە دەکرێن و سەروەت و سامانی خەڵکی هەژاری کورد بەهەدەر دەدرێ و لەوەش ترسناکتر بوونی کورد وەک نەتەوە لە مەترسیدایە و هاوکاریکردنی ئەمەریکاش لە لایەن کوردەوە لەبەر ئەوەی بە کرێ بوو و هیچ دۆکیومێنتێک لە نێواندا نەبوو و کورد خۆبەخشانە کردی، لە کورد هەڵگەڕاوەتەوە و بۆتەوە بە سەردەمی کێسنگەری ڕیسوا.

بەڕێزان، لە لایەکەوە شۆڤێنییەکانی عیراق، کە ئێوە خۆتان بوون بە هۆکاری دروستبوون و بەهێزبوون و خۆگرتنەوەیان، دەرفەتی ژیانیان لە کوردی ناوچە داگیرکراوەکان بڕیوە و ئێوەش مەگەر بۆ سەرلێشێوانی خەڵکی کوردستان دەنا ئەوەندەتان کاردانەوە نییە دڵی پێ خۆش بکەین. سوپای عیراق کورد دەکوژێ و ئاوارەیان دەکا، بەڵام کورد خۆی ئەو سوپایەی دروست کردۆتەوە و سوپاسالاریش بە حیساب کوردە و ئیتر مەودای ئەوە نەماوە ئێمەی دانیشتوانی ئەو ناوچانە گلەییشیان لێ بکەین. تۆ بڵێی لەشکرکێشی بکرێ و بەکر زێباری لێی بێخەبەر بێ، یا پرس بە مام جەلالی سەرککۆمار نەکرابێ! ئەگەر وا بێ ئەو بەڕێزانە چ بۆشاییەکیان پڕ کردۆتەوە و چ جیاوازییەکیان لەگەڵ کاک تاها محیەدین و وەزیرە کوردەکانی سەردەمی بەعسدا چییە؟!

کاردانەوەتان، بەڕێزینە، دەبوو بە لای کەمەوە کشانەوەی سەرککۆمار و سوپاسالار و وەزیری دەرەوەی بە داودا بهاتبا ئەوجا پەرلەمانتارە کوردەکانی تر، چونکە بوونی ئەوان ئەوەندە کاریگەری نییە دەستی سوپا

سەربەرزدا کە شانازی بە کچە کوردەوە دەکا چ ئاگربارانێکە بە هەمان ڕێژە، کە دەکاتە سەدی هەشتاو سێ، لە ئەستۆی ئێوەدایە نەک تورکیا و ئێران.

بەر لە ڕووخانی بەعس، دراوی تورکی عیبرەت ببوو و دەوڵەتەکەیان بەرەو کارەسات دەڕۆیی، بەڵام ئێوە دەستتان گرت و خستتانەوە سەر پێی خۆی هەر بۆ ئەوەی ئێستا هیچ حیسابێکتان بۆ نەکا. ئێوە بوون خۆراکی بەسەرچوو و دەرمانی خراپ و خۆراکی ژەهراویتان لە دەوڵەتی تورک کڕی و بە نرخی هەرزان نەوتتان پێ فرۆشتن و واتان لێ کرد، ئێستا بۆتە سووپەر دەوڵەتی بەهێزی ناوچەکە و پەکی بەوە ناکەوێ ڕۆژابە چەند لە قەندیل سەرف دەکا چونکە هەرچی سەرف دەکرێ، ئێمە پارەکەی دەدەین و هەر ئێمەش خوێن دەدەین و کچانی ئێمە بە کوژراویی ئەتک دەکرێن...هەر گوندی ئێمە خاپوور دەکرێن و وڵاتی ئێمە بە پارەی خۆمان وێران دەکرێ. بەڕێزینە ئەمە جێی شانازییە؟! ئەمە بەشی ئەوە ناکا ئەگەر هیچتان پێ ناکرێ، دەست لە کار بکێشنەوە؟!

بەڕێزان، ڕەنگە بڵێن ئەگەر ئێران و تورکیا سنوورمان لێ دابخەن، لە برساندا یەکتر دەخۆین. بەڵێ ئەوەش ڕاستە بەڵام دیسان بە ڕێژەی 17 لە سەد، لە ئەستۆی دگیرکەراندایەوە و ئەوی دەمێنێتەوە لە ئەستۆی شکاوی خۆماندایە. کێ ناچاری کردن گوندەکان ئاوەدان نەکەنەوە و ئەوەی لە کوردستان خەریکی کشتوکاڵ بێ، لە بری قازانج هەمیشە زەرەر بکا و نەتوانێ ململانێی بەرهەمی ژەهراوی تورکیا و ئێران بکا؟ هەر ئێوە نین ئاویش لە تورکیا دەکڕن و هەموو کوردستانتان خستۆتە ئامێزی کۆمپانیا تورکییەکانەوە؟ ئێوە دەتانەوێ خەڵکی کوردستان تەنها دەم بکەنەوە و چی لەوێوە دێ بە دەمیانەوە بکەن. بەڕێزان ئێوە کارێکتاب کردووە، گەنجی کورد ئیرادەی نەبێ و ئینتیمای بۆ نەتەوە و نیشتمان نەمێنێ و لە هەموو چرکەساتێکدا بۆ ئەمنایەتی ئامادە بێ. بۆ وێرانکردنی کۆمەڵگە مەودا بە لەشفرۆشی دەدەن، بەڵام بۆ زندووکردنەوەی ڕۆحی نەتەوایەتی، بە پێی ئاگاداری من، دوو ساڵ ویستیان بنکەیەکی نەتەوەیی لە کەرکووکدا بکرێتەوە، کەس وەڵامی نەدایەوە. هەرچی بۆنی نەتەوایەتی لێ بێ ژەهرە و دەیانکوژێ، بەڵام لەشفرۆشی و دەرمانفرۆشی، دەتانژێنن، بەڕێزینە! لە سەردەمی بەعسدا ئەمنایەتی شوورەیی بوو بەڵام گەنجی ئێستا هیچ کارێک نەبێ بیکا، بە شێوەیەکی ئاسایی دەڵێ: ئاسایشم... دیارە ئەو گەنجە لە داهاتووشدا ئامادە دەبێ ببێ بە: ئاسایش، جا بۆ هەر کەس و

زووەوە پێوە بوونە. ئەوەش وا دەکا کەس دەخلی بە ئێوەوە نەبێ و هەرچی دێ بە سەروپۆتەڵاکی خەڵکی کوردستاندا بکێشێ و ئێوەش کەڕ و کوێر و بێدەنگ!

من هەرەسی شۆڕسی ئەیلوولم بە لاوە کارەساتێکی نەتەوەیی گەورە بوو، بەڵام ئەوەی ئێستا ڕوو دەدا و ئێوەی تێدا بەشدار و هۆکارن، ئەو کارساتە نەتەوەییە دەکاتە ئاهەنگێکی نەتەوەیی. ماوەتەوە ئەوەی بڵێم: وەک خاک و ئەنفالکراو و دانیشتوانی کەرکووک و ناوچە دۆڕاوەکانی ترتان بە گورگانخوارد دا، ئەو ناوچانەی ژێر ڕکێفی خۆشتان بە گورگانخوارد مەدەن... با ئێمەش بۆ لێقەومان، چاک یا خراپ، ئەو پەنایەمان بمێنێ!

لەگەڵ ڕێزدا

kakaways@hotmail.com

29.08.2011

سەرچاوە: سایتی پاسۆک